**کۆڕی بەڕێز/ د. عەلی جوکل- ڕاگری کۆلیژی زمان**

**بابەت "پرۆسەی زمانی یەکگرتوو- ستاندارد– لە کوردیدا "**

10/7/2007

**پرۆسەی ستاندارد بەتایبەتی لەم ماوەیەی جەنابی سەرۆکی هەرێم سەردانی زانکۆی سەلاحەدین وەزارەتی خوێندنی باڵای کرد ئەو کاتە تأکیدی لەسەر ئەوەی کردەوە کە ئێمە دەبێ زیاتر لەخەمی زمانی یەکگرتووی کوردیمان دابێ. پرۆسەی ستاندارد زیاتر لەلایەن کۆزمانەوانیەکان باس کراوە وە تیشك خراوەتە سەر پرۆسەی ستاندارد بۆیە دەمەوێ چەند سەرنجێك چەند سەرنجێکی ئەوا بخەمە ڕوو پێشەکی بۆ نموونە ساڵی1972 باسی پرۆسەی ستاندارد دەکات دەڵێت لەدونیادا قەد نابینی دوو نەتەوە وەك تووشی هەمان کێشە ببن بەڵام لەهەموویان پێکەوە موشتەرەکن لەیەك شت لەکاتێك کە بیانەوێ زمانەکەیان لەڕووی ستانداردا سەقامگیر ببیتن ئەوەیە لەکاتی هەڵبژاردن زیاتر شێوازی شێوەزاری مەڵبەندی کارگێڕی هەرێمەکە هەڵدەبژێرن چونکە بمانەوێ نەمانەوێت کاریگەری تەواوی لەسەر زمانی ستاندارد دەبێت. ئەوە ڕای هۆڵە هۆگن بەلایەکی تردا دەچێت دەڵێت گەشە پێ کردنی هەر شێوەزارێك بەچەند پرۆسەیەك دا دەڕوات پرۆسەیەکیان ئەوەیە کە هەڵبژاردن ئەوان نازمانەوان نیە وە دوای هەڵبژاردن شێوەزارێك ئەو شێوەزارە گەشەی پێ دەکرێت تۆمار دەکرێ واتا زانایەکانی زمانەوانی لەن گۆستی دەکەن " لون گست نس" ئەوان لەڕووی مەرکۆلۆجی و فۆنۆلۆجی و سنتاج سوس مارتیك و پراکماتیك و دیراسەی دەکەن و هەموولایەنەکانی شی دەکەنەوە کە تۆمار کرا دەبێتە جێگیر دەبێت کە جێگیر بوو ئەو کاتە دەخرێتە ئەرك ئەرکەکەی فراوان دەکرێتن ئەرکی فراوان کردنیش ئەوەیە دەبێتە " ئۆفشیۆل لانگ" مانای زمانی ڕەسمی دەبێتە "میدلّ ئۆپ ئیسترەکشن" مانای واتا دەبێتە هۆکارێکی هۆی فێرکردن لە قوتابی بەکار دێت لە ئەدەب بەکار دێت لەڕاگەیاندن بەکار دێت ئەوا فراوان کردنی ئەرکی زمانەکەیە وە زمانەکە پێش دەکەوێت کە ئەو ئەرکانەی دیت ئینجا خەڵك پێ ڕازی دەبێتن ڕاستە هەر کەسێوەزاری خۆی دەپارێزی بەڵام بەو پرۆسەی دا ڕەت بووەو کە بویتە زمانێکی باوو زمانی ستاندارت هەموو پێ ڕازینەو وە شانازی پێوە دەکەن ئەو ڕای هۆگنە کە لەساڵی 1972 ئەو ڕایەی دەرکردووە، بەڵام بونجەر ڕایەکی تری هەیە دەڵێ زمانی ستاندارت ئەوەیە کە شێوەزارێك هەڵدەبژێردرێت وە بەخەڵك لەسەر خەڵکەکە شێوە زارەکانی دیکە دە چەسپێندرێت بەرە بەرە ئەو شێوەزارە پێش**

دەكەوێتن وە تێكەڵی لەهەموو شێوەزارەكانی وەك دی ئەبێتن ئاخری خەڵك پێی ڕازی دەبێ و شانازی پێوە دەكات و بەزمانی یەكگرتووی خۆی دەزانێت هیدسن لەساڵی 1980 باس ئەوە دەكاتن كە دەبێتن زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە كەوا كۆمەڵگا یان تەدەخەلێكی نازمانەوانی لە بۆ شێوەزارێك كەوای لێ دەكات ببێتە زمانی ستاندارد واتا دەست تێوەردانێكە لە زمان بەڵام رۆجەت بێڵ دەڵێتن بۆ هەر شێوە زارێك كە بمانەوێت بیكەینە زمانی ستاندارد و مەرجی كۆدفكەیشن مانای تۆماركردنی زمانەكە گەلەك مەرج نیە ئەوەندەی لەخەڵك پێ ی ڕازی بی مەرجەكە واتا كۆدفكەیشن واتا تۆماركردنی زمانەكە لەڕووی فۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و لایەنەكانی زمانەوانیە وە هەروەها ڕازی بوون دوو مەرجی سەرەكینە بۆ ئەوەی زمانی ستاندارد دروست ببێتن. كەچی ووٚرت دۆ وا باسی پرۆسەی ستاندارد دەكات دەڵێ ئەگەر زمانی ستاندارد دروست بوو ئەو زمانە نەتەوەییە كە بەرز دەكا مانای پرس تش دەداتە نەتەوەكەوە چونكە زمانەكە پرس تش بەدەست دێنێ ئایا بەرزی و ناشانازی بەدەست دێنێ وە نەتەوەكە جیاواز دەكاتەوە ئەو زمانە دەبێتە شوناسنامەی نەتاوەكە كەچی جانسۆن لەساڵی 1991 باسی ستاندارد كردنی زمان دەكات دەڵێ زمانی ستاندارد شتێك نیە پێچەوانەی شێوەزارەكانی دیكە بێت بەڵكو نموونەی هەموو توخم و شێوەزارەكانە نموونەیە لەهەموو لەڕووی رۆنانەوە لەڕووی پۆلەكتەری و ووشەی هەمووی لە شێوەزارەكانی دی وەرگرتووە و پرستژی بەدەست هێناوە لەمانەوە بۆمان دەردەكەوێت هەتا ئێستاكە واتا پێناسەیەكی تەواو لە بۆ زمانی ستاندارد نیە بەڵكو بۆ چوون و ڕا هەیە لەسەر زمانی ستاندارد هەر بۆیەش ڕۆجەت بێڵ توانیویەتی لەسەرهەندێ بنەما هەموو زمانەكان دابەش بكا لەبۆ چەند جۆرێك ئێمەش دەتوانین لەسەر هەمان بنەما بنەمایەكان ئەوەیە كە پێ ی دەگوترێت پرۆسەی ستاندارد زیندوویەتی زمان هاوتوخمیەتی لەگەڵ ئۆتۆنۆمیز زمانی خۆجێیەتی ئەوانەی خۆجێیەتی مەحەلی پێ دەڵێن یان تێكەڵ بوونی یان ڕەدەكشن لە زامن پەیدا بێ مانای كەم كەمبوونەوەو بچووك بوون یان نموونەی دیتاكتۆ ئەوانەی هەموو بنەمانە لە بۆ ئەوەی كە زمانی پێ دابەش بكەین ئێمە ئەگەر بێت و لەسەر ئەو بنەمایانە زمانی كوردی دابەش بكەین نەك شێوەزارەكان بەس زمانی كوردی دەبینین ستانداری كوردیمان تا ڕادەیەك هەیە چونكە ئەگەر شێوەزاری كرمانجی ناوەراست وەرگرین بەهەموو پرۆسەكەدا ڕەت بووە لەسەرەتادا مەسەلەن وەكو هەڵبژاردن كاتی خۆی بەریتانیەكان هەڵیان بژاردووەو كردوویانەتە زمانی رەسمی وە ئەوە كۆدف كەیشن كراوە واتا دیراسەیەكی زۆر فۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی و ستناچ و ئەوانەی لەسەر كراوە پاش ئەوەی بوویت هەر ئەو زمانە بوویتە هۆكارێك هۆكارێكی میدیەم ئۆف ئینستراكشن مانای بەو زمانەی لە قۆناغی سەرەتایی ناوەڕاست بگرە ئامادەیش بەو زمانەی خوێندراوەو وە هەروەها خەلكێكی زۆریش ئەگەر بگرینهەتا ئەوەی ناوچەكانی شێوەزاری كرمانجی ناوەڕاست و بگرتە ئەو دیو خەڵكێكی زۆریش لە ئێران بەو شێوەزارە راست بوونە تاڕادەیەك ناڵێین بەتەوارەتی زمانی شێوەزاری كرمانجی ناوەراست بەو پرۆسەیەدا رەت بووە، ئەوی تر پێ ی دەگوترێت زمانی كلاسیك ئێمە دەتوانین ئەو زمانەی كەناڵی و سالم یان

ئەحمەدی خانی ومەلای جەزیری و ئەوەستا ساڵی 1920 ناوی لێ بنێتن زمانی کلاسیك چونکە بمانەوێ نەمانەوێ ئێستاکە ئەگەر بێت و شعرێك بخوێنێنینەوە هەمووکەسێکی ئاسایی ناتوانی تێ بگات دەبێ دیراسەو شیکردنەوەی بۆ بکرێت بەوە دەتوانیت تا ساڵی 1920 ئەدەبی خۆمان ناوی لێبێین زمانی کلاسیك زمانی خۆجێیەتی زمانی خۆجێیەتی ئەوەیە کە هەر وەکو ئێستاکە لە بازار قسەی پێ دەکەن کە جیاوازە لەگەڵ زمان نووسین ئەوە دەتوانین ناوی لێ بنێت زمانی خۆجێیەتی. دیالێکتی کوردی شێوەزاریش هەتا لەیەك شێوەزاریش دەتوانین شێوەزارەکان دابەش بکەین شێوەزار دابەش دەبێ بەپێی جواگرافیا وە بەپێی کۆمەڵایەتیش کۆمەڵایەتی مەبەستی چی یە زمانی دیلیت نوخبە جیاوازە لەگەڵ زمانی مامۆستایەکی جامعی زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی فیتەرێك یان زمانی ئافرەت جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی پیاو زمانی پیاو هی گەورە جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی منداڵی ئەوە دایلۆکتەکان ویست شێوەزارەکانی پێ دەڵێین وە هەروەها کرۆیەڵ کرویەڵ زمانێکە ئەوەیە لەعەمەلیەتی شونازەیشن دەبێتە زمانێکی تر ئەو زمانە پێشتر دەبینین خەڵکانێك شێوەزارەکانیان جیاوازە بەڵام لەمەرکەزێکی تعیجاری هەوڵدەدەن کە بەدوو فاکتەر فاکتەری ئیکسپیدنسی پێ دەڵێن شارەزا بوون وە ئەوی تر مۆتیڤیەیشنی پێ ددەڵێن مانای دافع دەبێ بۆ ئەوەی لێك تێبگەن و بەئاسانی دژن لانگویچ دروست دەبێ ئەو دژن لانگویچ زمانی پژن زمانیشی سادەیە ریدەکشن هەیە کەمبوونەوەی هەیە زۆر شتی لێوە فڕێ دەدری ٰپاشان ئەو زمانە بەرەو گۆڕانکارییەکی تر دەچێ کە منداڵەکیان بووە ئەوانەی فێرە ئەو قسانە بوون مناڵەکانیان کە بەو شێوەزارە قسەیان کرد پێ دەگوترێ کوڕوویەڵ لانگویچ زمانی کوردی دەست کردئارتفیشەڵ لانگویچ ئێمە دەتوانین بڵێین لە کوردیش ئارتفشیەڵ لانگویچ ئێستاکە هەیە بەتایبەتی ئەوەی کە ئێستا کە وەزارەتی پەروەردە بیکاتن بەزۆر بادینیش تێکەڵ بکاتن ناوی لێ بنێ سورمانجی مانای ئەوە لەڕووی فەرهەنگ سازیەوە یان پێشکەوتووەو زمانێکی ئەوەیە بەڵام وەکو بڵێین قسەکەری کەمە ئەوە قسەکەری نیە زمانێکی تر هەیە پێ ی دەگوترێ ئێکس زایست ئەوەیش لە کوردی دایە ئەوە کوردیەکی تێکەڵە ئەوە خەڵکانێك مەسەلەن ئێستا لەهەرێمی کوردستان دەژین مەسەلەن بۆنموونە عەرەبە یان مەسیحیە ئەگەر عەرەبەکانی قەراجی وەربگرین پێشتر کوردیەکی چاکیان دەزانی بەڵام کوردیەکەیان قەت نەدەبوو کابرایەکی کە کورد لەزگماکەوە کوردبیتن یان ئەو مەسیحیەی کە ئێستاکە بە کوردی قسان دەکاتن ئەوە شێوەزمانێکی وەکو بڵێتی شێوەزارێکی کە کەپێ ی دەگوترێتن ئێکس زایس وە هەروەها زمانی ترمان هەیە لەژێرگاریگەرە بێگانە ئەو گوندانەی ئێستا وەرگرین کە لەموسڵ دەژین یان مەنتیقەی خانەقین و مەندەلی و ئەوانە دەژین یان هەتا بگرە ئەو کوردانەی کە لە تورکیا دەژین کوردەکانی تورکیا وە ئێران لەژێر کاریگەری زمانی داگیرکەرن وە یان زمانی بێگانە ئەوانە کە قسان دەکەن کاریگەری زمانی بێگانەیان بەئاشکرا پێوەدیارە ئەوەش هەر زمانی کوردییە کوردیەکی تر هەیە ئەوەیە کە دێتن لەڕووی خوێندن و نووسین وە فێرە زمانی کوردی بووە پێ ی دەگوترێ کوردی قسەکەری ئەو قسەکەری بێگانە بەکوردی ئێمە خۆمان نموونەمان نەبوو کابرایەکی فەرەنسی یان

ئەڵمانیمان هەبوون ئەوانە کە بەکوردیان قسەدەکرد قسەی کوردیەکی پەتی کە قسانەکی بەنووسینە و دەیخوێنتەوە ئەوە قسەکەری بێگانەیە ئێمەش وەکو بڵێین دەتوانین زمانی کوردی بکەینە ئەو جۆرە. بەڵام زمانی کوردی لە جۆرەکانی زمانی کوردی لەڕووی ئەرکەوە ئەوە ڕووی وەکو بڵێین بنەمایەکان بوون لەڕووی ئەرکەوە زامنی نەتەوایەتی دائیمەن بەو زمانە دەگوترێ کە ئەدەبی نەتەوەکەی پێی دەنووسرێتەوە ئەوە پێی دەگوترێ ناشینالٚ لانگویج دایلێکتەکەی خۆمان بێ کرمانجی ناوەراست و کرمانجی سەروو کرمانجی خواروو یان زاراوە مادام ئەگەر پێ ی بنووسرێتەوە پێ ی دەگوترێ زمانی فەرمیمان هەیە زمانی رەسمی ئەو زمانەیە کە لە ووتاری سیاسی یان لەدامودەزگای رەسمی لەدەوائیرەکان بەکار دێ پێ ی دەگوترێ ئۆفیشیەلٚ لانگویج ئێمەش ئەو زمانەمان ئێستا هەیە لەسایەی سەری کاك نێچیرڤان وە کەلە ساڵی 1996 وە 1997 بڕیاریشی دەرکرد کە هەموو نووسراوێك و هەموو شتێك دەبێت بەزمانی کوردی بێتن ڕازی نینە بەزمانەکانی تر موخاتەباتی رەسمی بکرێتن زمانی زانست هەیە ئەگەر وەرگرین کتێبەکانی ئامادەیی وەرگرن و دواناوەندی وەرگرن ناوەندی وەرگرن چ لەزیندەوەرزانی یە چ کیمیایە چ ئەوانە زمانی زانستیان پێ دەگوترێتن ئەو ووشەو زاراوانەی کە لەوێ بەکاردێ زمانی زانستن لەباتی بڵێ ئاو $H_2O$ یان لەباتی خۆی کلۆریدوسۆدیۆم و ئەوانە مانای ئەو زاراوەی کەلێ ی بەکار دێت ئەوە جیاوازی دەکاتەوە ناوی لێ دەنێن زمانی زانست زمانی باوك زمانی کۆمەڵ لانگویج ئەو زمانەیە کە عادەتەن لەتایبەتەك یان لەمەرکەزەکی تیجاری دروست دەبێت ئەو زمانە بەرە بەرە تێکەڵە شێوەزارێك دروست دەبێتن وای لێ دێتن وەك خەڵك هەموو خەڵك جێ ی لەدایکی بوو پێویستی بەو زمانە دەبێتن دەبێتە کۆمەڵ لانگویج راستە هەر کەسە شێوەزاری خۆی یان جۆری قسەکردنی خۆی دەپاترێزیتن بەڵام ئەو زمانەی وای لێ دێ لە نەتیجەی فاکتەرەکانی پایتەخت و کارگێڕی و مەڵبەندی تیجاری و زمانێکی باوو دروست دەبێتن ئەو عەمەلیە والێ دەکاتن کە هەموو خەڵکێك لەو زمانە بگاتن ئەوە پێ ی دەگوترێ زمانی باوك زۆرجاریش بووە بۆیێ بڕیاری سیاسی لەکاتی هەڵبژاردن بۆ زمانی ستاندارد ئەو زمانە باوە هەڵدەبژێرن وە هەروەها زمانی ئاینی و ئاین و عیبادەتیشمان هەیە ئەگەر بۆ نموونە وەرگریت هەتا لەئاینی ئیسلامدا زمانی کوردی شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە لەئاینەکانیش زمانی یەزیدی کە بەکوردی بووە کوردیەکەیان زیاتر تێکەڵە لە سۆرانی و بادینی یان بڵێین کرمانجی ناوەراست و ئەوەش زمانی ئاینە، زیاتریش زمانی خۆی لە ئەو ووشانە دەپارێزن کە پێ ی دەگوترێ تابوو تابوو ئەوەیە کەمەسەلەن لەمەجلیسی مەجالیس ناگوترێ ئەوە زمانی ئاین و عیبادەتی پێ دەگوترێ ئێستاکە زمانی راگەیاندیشمان هەیە ئێستاکە ئەو زمانەی کەلە جەریدەو گۆڤارەکان و رۆژنامەکان بەکاردێتن لەرادیۆ بەکاردێ ئەوە زمانی راگەیاندنە زمانی دبلۆماسیش هەتاکو ئێستاکە بەنووسین چ شتێکمان لەبەردەست دا نی یە چ دۆکیۆمێنتێکمان لەبەردەست دا نی یە کە بڵێین ئەوا زمانی دبلۆماسی کوردیە بەڵام زمانی دبلۆماسیش تایبەتی ێسیمایی تایبەتی خۆی هە یە لەمفازەوات و لەو جۆرە شتانەدا ئەوە جۆرەکان بەڵام چەند مۆدیلێك هەیە لە بۆ پرۆسەی ستاندارد گرینگترینیان

مۆدیلی هۆگنە کە ئەو هەر وەکو باسم کرد ئەو چوار قۆناغەیە هەڵبژاردن کۆدف کەیشن تۆمارکردن دراسەکردنی زمانەکە پاش ئەوەی فاکشنەڵ لابرەیشن فراوان کردنی ئەرکی زمانەکە ئەوجا ئەبسەنتەنس بەزمانەکە ڕازی ببی خەڵکەکە هەمووی پێ ی ڕازی ببی ئەوە مۆدیلەکانە هەڵبژاردن زیاتر پەیوەستە بەچ زیاتر پەیوەستە بەبڕیاری سیاسی بڕیاری سیاسی کۆمەڵگا کۆمەڵگا دەبینین زۆربەی خەڵك بەشێوەزارێك ڕازینە یان ژمارەی قسەکەری زۆرترە یان ئەوەات لەڕووی کۆدف کەیشنەوە ئەو زمانە پێش کەوتووە دیراسیەکی زۆری بۆ کراوە نووسینەکی زۆر هەیە قامۆسێکی لەو ڕووە داندراوە هەر کاتێك بیانەوێ ئایا بزانن ئەوە ووشەکە کوردیە کوردی نی یە ئایا دەستەواژەکەیان راستە راست نی یە بگەڕێنەوە سەر کۆدف کەیشن کە ئەگەر زیاتر ئەوە هەڵدەبژێردرێ هیچ جاریش وەیا بڕیاری سیاسی دەردەچێت بۆ نموونە ئێستاکە ئەگر وەرگرین قیادەی سیاسیمان بە چ شێوەزارێك قسان دەکرێتن بڕیارێکی سیاسی دەبێتە ئەو شێوەزارە هەڵدەبژردرێتن بڕیار لەسەر دەدرێتن کە ئەوە بکرێتە ستاندارت، کۆدف کەیشن ئەوەیە کە لە هەموو بوارەکانی سیمایەکانی زمانی بکۆڵیەوە خاسەتەن زمانەوانەکان بەو کارە هەڵدەستن لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە مانایی دەنگ سازیی لەڕووی مۆرفۆلۆجیەوە ملنلی تەصریفەکانی دەردانەکانی چۆنە لەڕووی سیمانتیکەوە ئەرکی سیمانتیکی چی یە ئەرکی پراکماتیکی چی یە دوای فەرهەنگ سازییەکەی تاچ ڕادەیەك فەرهەنگی بۆ داندراوە جۆری بەکارهێنانەکانی چۆنە ئەوە پێ ی دەگوترێ کۆدف کەیشن. ئەگەر وەرگرین زیاتر ئەوە لەخوێندنی باڵاو ئەرکی بەشەکانی زمان کە بەو کارانە هەڵدەستن وکوردیش درێغی نەکردووە کە لە کۆدف کەیشن دا کورد زیاتر ڕۆناك بیرەکانمان بەو ئەرکە هەڵستاینە پێش ئەوەی کە زانکۆکان هەڵستن و هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی زمانەکە نەفەوتێ و ساحێبی کۆدف کەیشن بێ تۆمارکردنی زمانەکە هەبیتن نموونەشمان زۆرە لەسەر ئەو بابەتانە دوایی بێ باسی فەنکشنەڵ لابرەیشن دەکرێ مانایی ئەرکی فراوان دەکرێ چۆن ئەو زمانەی کە کۆدف کەیشن کراوە لە راگەیاندن بەکاردێتن لەرادیۆ بەکار دێتن لەموخاتەباتی رەسمی هەموو نووسراو نووسراوەکانی پێ بنووسرێتەوە پاش ئەوەی ببێتە هۆیەکی فێرکردن لە قوتابخانە ئینجا چ لەسەرەتایی چ ناوەندی و چ ئامادەیی بگرە هەتا زانکۆکان خوێندنی باڵاش وە زیاتر دەڵێن ئەگەر زمانێك تەنیا بەکار بێتن لە قوناغەکانی خواروو تەنیا لەسەرەتایی ئەوە بەرەو پاشن بەمانایی بەرەو پاش دەچن بەرەوپێش ناچێ بەلام ئەگەر هاتوو ئەو زمانە لەخوێندنی باڵا بەکارهات ئەوە زمانەکە بەرەو پێش دەچێتن قۆناغی چوارەم ئەوەیە رازی بوون دوای ئەوە کە ئیلابرەیشن کرا ئەرکەکەی فراوان کراو خەڵك دەیخوێندو بەرە بەرۆە فێردەبیتن ئەوکاتە زۆربەی خەڵلك پێ ی رازی دەبێ و بەزمانی ستاندارتی خۆی دەزانێ بەلام ئێستاکە ئەو کێشەمان هەیە لە کوریدا کوردی تووشی بای ستاندارد بووە ئەوەش دوایێ دێینە سەری. مۆدیلەکی تر هەیە پێ ی دەگوترێ مۆدیلی گاربن گاربن زمانی ستاندارد بەدوو لایەن لێك دەداتەوە فلکسبل ستابلتی واتا سەقامگیریەتی نەرم بەبۆچوونی وان وەکو زمانی عەرەبی وەرگرن چۆن قیاسەکانی داناوە ئەگەر ووشەیەکی بێگانە یان هەر ووشەیەکی بیەوێ دروست بکاتن بەقیاسەکانی خۆیدا

دەداتن لەڕووی مۆرفۆلۆجی و ڕووی فۆن لۆجیەوە ئەوەی ئەو توانایەی هەبێتن دەتواندرێت پیٚ ی بگوتریٚ ئەوە هەم جێگیرەو هەم نەرمیشە چونکە دەتوانین ووشەی نویٚ دروست بکاتن بە پیٚ ی ئەو گۆڕانەی ئەو گۆڕنە کە لتووریەی کەلە کۆمەڵگا ڕوو دەداتن دەتوانیٚ ڕۆژ بەڕۆژ خۆی نویٚ بکاتەوە بەڵام موشکیلەی عەرەبی ئەوەیە چونکە هۆلی لانگویچ دادەنیٚ بەزمانی موقەدەس لەبەر هەندیٚ تووشی ئیشکالیەتەك بووە لەنویٚ کردنەوە بەڵام لەدونیادا ئەگەر زمانێك توانی ئەو چوار ساتانەی تێدا بوو بتوانی خۆی نویٚ بکاتە وە ئەگەر ووشەی بێگانەش وەرگریتن بیکاتە خۆماڵی یان ووشەی نویٚ دابڕێژیتن ئەو توانایەی هەبیتن ئەوە دەتواندرێت ستاندارتێکی سەرکەوتوو ببیتن لایەنێکی تر ئەوەیە ڕۆناکبیرەکان ڕۆناکبیرەکان زیاتر ئەو زمانە بێتن کە ڕۆناکبیرەکانن قسەی پیٚ بکەن و بتوانن دەستەواژەی نویٚ بۆدابڕێژن و بتوانن بەپێشی بێخن ئەوە پیٚ ی دەگوتریٚ زمانی ستاندارد بەڵام ئەوە زۆر سەرکەوتوو نی یە زۆربەی کۆ زمانەوانەکان لەگەڵ ئەو ڕایە دانینە بەڵکو مۆدیلی هۆگنیان پیٚ باشترە لەپرۆسەی ستانداردردا سروشت و کەلتووری زمانی ستاندارت دوو سروشتی هەیە ستاندارد یەکەکیان ڕووتت نێسی پیٚ دەڵێن ڕەگوڕیشەی هەبیٚ ئەوەکەی تریان ئئرگەنازەیشن زمانی شاربیتن، ئەو ڕووتنن نێس ئەوەیە کە زمانەکە پێشتر هەموو زاراوەکانی یان ڕۆنانەکانی هەموو لەشێوەزارێکی پێشتر وەرگیرابیٚ مێژوویەکی هەبێتن گەیشبیتە ئەو ڕادەیەی کە نوخبە قسەی پیٚ بکا بۆ ئەوەی ئەوە دەبێت کە نوخبە قسەی پیٚ کردوو ئەو شێوەزارە دەبێتە زمانی ستاندارد وە ئەو زمانە ستانداره ئینتیما دروست دەکات ئینتیما لەلای خەڵك دروست دەکا وات لیٚ دەکاتن کە هەر نەتەوەیەك زمانی ستاندارد بەشوناسنامەی خۆی بزانیتن وە ئینتیمای بۆ ئەو زمانە هەبیتن وە خۆی شانازی پێوە بکاتن وە جیاوازی بکاتەوە لە زمانەکانی تر، ئۆرگەنازەیشن ئەوەیە زیاتر زمانی خەڵکی گوندە زمانی شار جیاواز دەکاتەوە وەزمانی شار بەپێشکەتوو ترو بەستاندارد دادەنێت چونکە زمانی شار لەگەڵ هەموو گۆڕانە کەلتووریەکان کۆمەلایەتی دادەگونجێتن وەدەتوانن خۆی نویٚ بکاتەوە وە دەتوانن ببێتە زمانی ئەدەب و زمانی نووسین و زمانی ڕاگەیاندن لەبەر ئەوەش یەك لەسروشتەکانی زمانی ستاندارتە ئەرکی زمانی ستاندارد زمانی ستاندارد ئەرکی سمبوولی هەیە تایبەتە وەهەروەها ئەرکی مەوزوعیش هەیە ئەرکە تایبەتیەکەی ئەوەیە زمانی ستاندارد کۆمەڵگای یەك دەکاتن وە کۆمەڵگای ئاخاوتن شێوەزارە جیاوازەکان چڕ دەکاتەوە لەبۆ یەك کۆمەڵگا وە دەتواندریٚ زمانی ستاندارت وەکو هێما سەیربکرێت بۆ یەکێتی نەتەوەیی و وە هەموو شێوە زارەکان دەتوانن لەڕێگەی ئەوشێوە زمانی ستاندارتە لەیەك تێبگەن پەیوەندی لەگەڵ یەکتری بکەن و ڕووحیەتێکی یەکێتی لەناو کۆمەڵگایەکەیان نەتەوەکە دروست ببیتن ئەرکێکی تری ئەوەیە دابڕان زمانی یستاندارد کە ستاندارد دروست بوو دەبێتە شوناسنامەی نەتەوە کەبووە شوناسنامەی نەتەوە سەربەخۆی وەردەگرێت. خەڵك ناتوانی ئێستاکە گیروگرفتی ئێمە ئێران ئێمە دەڵێین بەهۆی بەختیارەکان کوردن و فارسەکانیش دەڵێن فارسن لەبەرچ لەبەر ئەوەیە وەکو بلێین نەبوویتە ستاندارتێد یان ئەوان ئینتیمای وەلائی خۆیان لەوانەیە لەبەر هۆکارە نازمانەوانیەکەن خۆیان بەوەلائیان لەبۆ زمانی فارسی

زیاد کردبێ کەواتە ئەوانە ئینتیمای خۆیان. بەڵام تۆ لە کوردستانی عیراقدا کەسمان ئێمە خۆمان لەعەرەب جیاواز دەکەینەوە خۆمان بەخاوەن ستاندارتر خۆمان دەزانین خاوەن زمانی خۆمانین ئەوەش چ کە زمانەکە پێشکەوتوو بوو زیاتر ئینتیما و وەلا دروست دەبێتن زیاتر ئاخاوتنەکان بەزامنی ستاندارد دەبێ بنووسن بەزمانی ستاندارد دەبێ نابێتە ئەوەی من لەناچاری لەبەر ئەو سەقافەتە ئینگلیزی بووە یان عەرەبی بووە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەکار بینین چونکە زمانی ستاندارتی خۆم ئەوەیە وە وەلا و ئینتیما لەبۆ ئەوە هەیە زمانی ستاندارتی خۆم بەکار ێنن کە بەکارم هێنا منی کردە نەتەوەیەکی جیاواز لە عەرەب ئەوە یەك لە ئەرکەکانی زمانی ستاندارتە